مەزڵوم کۆبانێ سەرکۆنەی هێرشی سەر بنکەی ئەمەریکا لە ئوردن دەکات

فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات، مەزڵوم کۆبانێ سەرکۆنەی هێرشی سەر بنکەی ئەمەریکا لە ئوردن کرد کە لە ئەنجامدا سێ سەربازی ئەمەریکی گیانیان لەدەستدا و ڕایگەیاند، "سەرکۆنەی ئەو هێرشە دەکەین کە بنکەیەکی ئەمەریکی لە ئوردن کردە ئامانج و بە دڵسۆزییەوە هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی ئەو سەربازە ئەمەریکییانە دەگەیەنین کە گیانیان لەدەستدا و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین".

مەزڵوم عەبدی ڕاشیگەیاند، بە قووەی هاوبەشی خۆمان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا بە نرخ دەزانین و دووپاتی دەکەینەوە و بە توندی هەر هەوڵێک ڕەت دەکەینەوە بۆ ناسەقامگیرکردن یان بڵاوکردنەوەی شەڕ لە ناوچەکەدا لە کاتێکدا ئێمە جەخت لەسەر پاراستنی ناوچە پارێزراوەکان دەکەینەوە.